محەممەد عەبدولخالق
یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق:

# ئەگەر کەس خۆی بە خەمخۆری یاری باسکە نەزانێ لەناو دەچێ



شاری هەولێر لە مێژووی یاری تۆپی باسکە خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانا بووەو توانیویانە قۆناخی باش ببڕن لەگەڵ یانەکان، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە یانەکانی شاری هەولێر پاشەکشەی بەرچاویان لەم یارییە کردووە و یاریزانە بەتواناکانیش ناچاربوون بۆ خولەکانی کوردستان و عێراق گرێبەست لەگەڵ یانەی دیکە بکەن، یەکێک لەم یاریزانانەش محەممەد عەبدولخالق یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی کەرخی شاری بەغدایە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری هەولێرەو ئێستا قوتابی قۆناخی پێنجەمی پەیمانگەی وەرزشییە. باوکی ئەم یاریزانە یەکێک بووە لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی ئەم یارییە. محەممەد عەبدولخالق پێشووتر بۆ هەریەک لە یانەکانی (جیهان، ئارارات، قەڵا، سۆلاف، کەرخ، هەڵبژاردەی کوردستان، هەڵبژاردەی عێراق لە ئاستی تازە پێگەیشتووان و تیپی یەکەمی هەڵبژاردەکە) یاری کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



* چۆن بـوو خۆت لە نێـو دنیای یاری تۆپی باسکە دۆزییەوە؟

-هـەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ باوکم تێکەڵی ئەم یارییە بووم، لەبەر ئەوەی باوکم ڕاهێنەری یـاری باسـکەیە، لەبەر ئەویش هاتم بـۆ ناو وەرزش. بـەو کارەی باوکـم زۆر سـەربەرزم و ئـەو ئاسـتەی ئێستاشم بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

* ئاستی یاری باسکە چۆن دەبینی؟

-بە ڕاستی ئاستی یاری باسکە لە کوردستان زۆر خراپـە، چونکـە پـەرە بەم یارییـە نادرێت و ئەوەش وا دەکات کە ئەم یارییە بوونی نەمێنێت.

* هەسـت ناکـەی ئـەم یارییـە بـەرەو لەناوچـوون دەچێـت بەهۆی نەکردنەوەی پاڵەوانێتی؟

- بەدڵنیایـەوە، ئەگـەر کـەس خـۆی بە خەمخـۆری یاری باسـکە نەزانێ، لەناو دەچێ. دەبێت سـەرۆکی یەکێتی تۆپی باسـکەی کوردسـتان داوا لـە کۆمپانیـاکان بـکات بۆ ئەوەی ڕەوشەکە لەوە زیاتر تێکنەچێت و پاڵپشتی لەم یارییە بکرێت.

* پێتوایە چی بکرێت باشـە بۆ باشـتربوونی ڕەوشـی ئەم یارییە؟

-سەرۆکی تۆپی باسکە دەبێت ئەو گرفتە چارەسەر بکات، گوناهـی هیـچ کەسـێکی تێـدا نییـە، چونکە کوردسـتان لە قەیرانـی داراییدایـە، بـەڵام پێویسـتە جارێکـی دی خـول و پاڵەوانیەتـی بکرێتـەوە و ئەگـەر بتوانن فێرگـەی تایبەت بە پێگەیاندنی یاریزانان بکەنەوە، ئەوانە هۆکارن بۆ باشتربوون.

* وەکـو یاریزانێـك گرفتـی ئـەم یارییـە زیاتـر لـە چیـدا دەبینی؟

-نەبوونـی خـول و پاڵەوانیەتـی گرفتـی سـەرەکییە، جگـە لەوەش ئەم یارییە هۆڵی زیاتری دەوێت.

* بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟

-ئاواتم زۆرە و حەز ناکەم داببڕێم لە وەرزش، چونکە هیوا و ئاواتم ئەوەیە ببمە یەکێك لە باشـترین یاریزانەکان لە دەرەوەی وڵات.

* خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟

-خەونی من ئەوەیە ببەم بە باشترینی عێراق لەم یارییە.

* ماوەیەك پێش ئێسـتا بۆ یانەی سـۆلاڤ یاریت دەکرد، چۆن بوو چوویتە یانەی کەرخی شاری بەغدا؟

-من پێش ئەوەی بۆ یانەی سۆلاڤ یاری بکەم، گرێبەستم لەگەڵ کەرخ هەبووە، بەڵام باوکم ڕاهێنەری یانەی سـۆلاڤ بـوو، حـەزم دەکـرد خزمەتی باوکـم بکەم لە یارییـەکان، تاکو ببینـە پاڵەوانـی خولەکـە، چونکە باوکـم زۆر یارمەتی منی داوە، تا گەیشتم بەو ئاستەی ئێستام.

* بەهیـوای ئـەوە نیـت هەڵبـژاردەی کوردسـتان لـە یاری باسکە دابمەزرێ و تۆش یەکێك بێت لە یاریزانانی تیپەکە؟

-کاتـی خـۆی دامەزرا و یارییەکمان لەگەڵ دیاربەکر کردو باوکـم ڕاهێنـەری تیپەکـە بوو، بـەڵام دووبارە پەرەیـان پێنەدا. تەمەنـی تیپەکـە کورت بوو، واتە دووبـارە تێکچوو، بەهیوای ئەوەشـم جارێکـی دیکـە ئـەم تیپـە دابمەزرێتـەوە و منیـش خزمەتی بکەم.

* خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟

-هەمـوو کاتێـك هـاوکارو پاڵپشـم بوون، بە پلە یـەك باوکم، چونکـە زیاتر لێم تێـدەگات، لەبەر ئەوەی خۆی ڕاهێنەرێکی بەئەزموونە.

* هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردووی؟

- لـە عێـراق زۆربـەی یانـەکان داوام دەکەن و ماوەی سـێ سـاڵ لەگەڵ یانەی دهۆك یاریم دەکردو دواتر چوومە ڕیزی یانەی کەرخ.


* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام خەمخۆری وەرزشـوانانن لە هەموو کوردسـتان و خزمەت بە وەرزش دەکەن و سوپاس بۆ هەموو لایەك کە هاوکارم بوون.



# ریال مەدرید دەستبەرداری گۆڵپارێزەکەی دەبێت

# بەڕێوەبەری کارەکانی رانێری داهاتووی راهێنەرە ئیتاڵییەکە ئاشکرا دەکات





ستیف کۆتنەر بەڕێوەبەری کارەکانی کلاودیۆ رانێری ئیتاڵی و راهێنەری پێشووی یانەی لیستەرسیتی ئینگلیزی دووپاتی کردەوە، کە ئەو راهێنەرە ئیتاڵییە دەیەوێت لە داهاتوودا ببێتەوە بە راهێنەری یانە ئینگلیزییەکە.

هەفتەی رابردوو یانەی لیستەرسیتی کلاودیۆ رانێری لە راهێنەرایەتی کردنی یانەکەی دوورخستەوە، بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لەم وەرزەدا و لە ئێستادا لیستەر لە پلەی ١٧ یەمە و کێبڕکێی مانەوە لە پریمەرلیگ دەکات.

لە دوای ئەوەی لە راهێنەرایەتی لیستەرسیتی دوورخرایەوە، رانێری بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، لەدوای ئەوەی دەرکرام، خەونەکەم مرد.

لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی تۆك سپۆرتی بەریتانی، ستیف کۆتنەر گوتی: بە راستی چەندین گرێبەست بۆ رانێری لە ئیتاڵیا و چینییەوە ئامادەیە، بەڵام ئەو راهێنەرە دەیەوێت لە داهاتوودا بگەڕێتەوە بۆ پریمەرلیگ و ببێتەوە بە راهێنەری یانە ئینگلیزییەکە.



فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریاڵ مەدرید، بڕیاری داوە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا، کیلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزی یەکەمی یانەکە بفرۆشێت.

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی دیارۆ گۆڵ، پێرێز زینەدین زیدانی راهێنەری ریاڵیشی لە بڕیارەکە ئاگادار کردووەتەوەو داوای لێکردووە بەزووترین کات چارەسەرێك بۆ کێشەی گۆڵپارێزی تیپەکەی بدۆزێتەوە.

ناڤاس لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا ئاستی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ئەمەش وای لە بەرپرسانی یانەکە کردووە بیر لە هێنانی گۆڵپارێزێکی دیکە بکەنەوە.

دیارۆ گۆڵ دەڵێت: پێرێز پێوایە لە دوای رۆیشتنی ئیکەر کاسیاس، حاڵی گۆڵپارێزی تیپەکەی لە ئاستێکی خراپدایە، لەبەر ئەوە بڕیاری دەرکردنی ناڤاسی داوە.

دەشڵێت: بژاردەی یەکەم بۆ پێرێز، دەیڤد دی خیای گۆڵپارێزی مانچستەر یونایتدە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی دەزانێت کە خۆسێ مۆرینهۆ بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو گۆڵپارێزە نابێت.

هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوەش دەکات، ئەگەر پێرێز لە کڕینی دی خیا سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا بیر لە هێنانی تیبۆ کۆرتوای بەلجیکی و گۆڵپارێزی چێڵسی دەکاتەوە.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا دیارۆگۆڵ ئەوەی ئاشکراکردووە، کە پێرێز بە زیدانی راگەیاندووە ئەگەر سنوورێك بۆ هەڵەکانی ناڤاس دانەنێت، بەتایبەت دوای یارییەکانی ڤالێنسیا و ڤیاڕیاڵ، ئەوا خۆی دەست لە کارەکانی وەردەدات.

## کاناڤارۆ:
# کالینیچ لە تۆتی باشترە



فابیۆ کاناڤارۆ ئەفسانەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا پێیوایە نیکۆلا کالینیچی کرواتی و ئەستێرەی یانەی فیۆرێنتینا لە فرانسیسکۆ تۆتی ئەفسانەی یانەی رۆما باشترە.

لە ماوەی رابردوو رۆژنامەکانی ئیتاڵیا ئاشکرایانکردبوو، کە یانەی تیانجی چینی دەیەوێت لە گواستنەوەی داهاتوودا فرانسیکۆ تۆتی بباتە ریزەکانیەوە.

کاناڤارۆ راهێنەری یانەی تیانجینی چینی لێدوانێکی بۆ تۆڕی فۆکس سپۆرت داو گوتی: من نامەوێت تۆتی ببەمەوە یانەکەمەوە، حەزدەکەم یاریزانی لاو بکڕم و بۆ یاریکردن ئامادەبێت، نەوەك تۆتی کە تەمەنی بووە بە ٤٠ ساڵ لە کۆتایی یاریکردنیەتی.

کاناڤارۆ ئاماژەی بەوەشکرد، کالینیچ ئامانجی سەرەکی یانەکەمانە لە وەرزی داهاتوودا، شێوازی یاریکردنی زۆر سەرسامی کردووم و دەمەوێت لە داهاتوودا بیهێنمەوە یانەکەمەوە.

لە کۆتاییدا کاناڤارۆ رایگەیاند: هاندێك کەس هەیە دەڵێن پێوەندیکردنی یاریزانانی باش و ئەورووپییەکان بۆ چین تەنیا بۆ پارە پەیداکردنە، ئەوەش وادەکات یاریزانەکان بیر لەو پارە زۆرە بکەنەوە و بێنە خولی چینی.



# ١٦ی ئەم مانگە چوارگۆشەی زێڕین دەست پێ دەكات

دوای ئەوەی یارییەكانی خولی نایابی پێشمەرگەی كوردستان كۆتایی هات و هەریەك لە یانەكانی (پێشمەرگەی هەولێر، نەورۆز، كەركووك و شێروانە) پلێتی چوارگۆشەی زێڕینی خولەكەیان بەدەستهێنا و توانییان ركابەری سەرجەم یانەكانی بەشدار لە خولەكە بكەن بۆ بەدەستهێنانی شەڕی چوارگۆشەی زێڕین و هەریەك لە یانەكانی گارەو دهۆكیش لە هەردوو



## پێشمەرگەكانی هەولێر چاویان لە شتی گەورەیە

دوای ئەوەی یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی بە شایستەیی خۆی بگەینێتە یارییەكانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی پێشمەرگەی كوردستان، بۆیە ئێستا یانەكە بە شێوەیەكی چڕتر ئامادەكاری دەكات بۆ ئەوەی بتوانێ لە خولی چوارگۆشەی زێڕین ئەنجامی شایستەو گەورەتر بەدەست بهێنیت و شەڕی سەرجەم یانەكانی كوردستان بكات بۆ بەدەستهێنانی نازناوەكە، راهێنەری یانەكەش خەون بە نازناوی خولی نایابی یانەكانی كوردستان دەبینێت لەم وەرزەدا، لەم بارەشەوە سەمیر بابۆ راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە قۆناخی دووەمی خولی نایابی كوردستان ئاستی زۆر باشمان پێشكەش كردو بە شایستەیی توانیمان بگەینە چوارگۆشەی زێڕینی خولەكە، بەڵام ئێستا و پلان و بەرنامەی تایبەتمان دەبێت بۆ یارییەكانی چوارگۆشەی زێڕین و چاومان لەوەیە بتوانین درێژە بە ئەنجامە باشەكانمان بدەین و تاكو بەدەستهێنانی نازناوەكە نەوەستین، هەرچەندە تیپەكانی تری چوارگۆشەی زێڕینیش ئاستیان باشە، بەڵام ئێمە وەكو یانەی پێشمەرگەو ستافی راهێنەری ئەوەی لەسەرمان بێت ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین شتێك بە شتێك بكەین، چونكە پارساڵ تەنیا بە چەند خولەكێك دوچاری شكست بووین، بەڵام ئەمساڵ بارودۆخەكە جیاوازە و چاومان لە ئەنجامی باشترە.» لە بارەی گرفتەكانیشیان بابۆ گوتی: «هیچ گرفتێك لە تیپی پێشمەرگەدا نییەو یاریزانەكانمان هەمووی سەرگەرمی مەشقەكانن و هیوای ئەوەمان هەیە كە نازناوەكە بهێنینەوە شاری هەولێر.




کۆمەڵەکە ماڵئاواییان لە خولی نایابی کوردستان کرد، هەرچەندە تاکو دوایین هەفتەکانی خولەکە شەڕی مانەوەیان دەکرد، بۆیە دەبێ ساڵی داهاتوو لە خولی پلە یەکەوە شەڕی گەیشتنەوە بە خولی نایابی کوردستان بکەن، بۆ وادەی دەستپێکردنی یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینیش یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان وەکو وەفایەك بۆ شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید بڕیاری داوە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە لە ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە بە شێوازی خول یارییەکان بەڕێوە ببات، دواتریش لە ڕێگای کۆکردنەوەی خاڵ زیاتر پاڵەوانی خولەکە دەستنیشان دەکرێت، یارییەکانیش یەکەم هەفتەیە بەم شێوەیە دەبێت.

کەرکووك-پێشمەرگەی هەولێر-یاریگای کەرکووك

نەورۆز-شێروانە-یاریگای سلێمانی



# کوردێک لە یانەی شورتەوە چاوی لە نازناوی باڵەی عێراقە

دوای ئەوەی ئەم وەرزە نەوزاد شێرزادی یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشیی هەولێر پێوەندی بە یانەی شورتەی شاری بەغدا کرد بە گرێبەستێکی شایستە بۆ ئەوەی شان بە شانی یاریزانەکانی یانەکە شەڕی بەدەستهێنانی نازناو بکات لەگەڵ یانەکانی عێراقی لە خولی بژاردەی تۆپی باڵەی عێراق، بۆیە لە زۆربەی یارییەکانیش ڕاهێنەری وەکو یاریزانی سەرەکی پشتی بەم یاریزانە کوردە بەستووە کە تاکە یاریزانی کوردە لە پاڵ یاریزانەکانی دیکە خاوەن ئاستێکی بەرزە، لەم بارەشەوە نەوزاد شێرزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی خولی بژاردەی عێراق زۆر بەرزە، چونکە زۆربەی یانەکانی عێراق بە کۆمەڵێك یاریزانی بەتواناوە هاتوونەتە نێو کێبڕکێیەکانی خولەکە، ئێمەش وەکو یاریزانانی یانەی شورتە خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی بەتواناین و خولەکەش یاری لە دوای یاری بەهێز دەبێت و خەونی منیش وەکو یاریزانێکی کورد کە لە ڕیزی یانەیەکی بەغدا یاری دەکەم، ئەوەیە بتوانم نازناوی خولی عێراقی بەدەست بهێنم و سەری خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە، لە شاری بەغداش خەریکی ئامادەکارییەکانم و هیچ گرفتێکم نییە لەگەڵ تیپەکەم و ڕاهێنەرەکەم، تاکە ئاواتیشم ئەوەیە بتوانم ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەم و نازناو بەدەست بهێنم، من بە گرێبەست پێوەندیم بە یانەی شورتەوە کردووە، بەڵام خۆشحاڵم لەگەڵ یانەکەو مەشقەکانم بەردوامە و چاومان لەوەیە بتوانین بۆ یانەی شورتە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، ئەوەش بە هەماهەنگیی یاریزانەکان دەکرێت.»